www.kurdistannet.org
29-8-02 01:44:59

## ژوری پێشکەوتنخوازان پاشکۆی چ پارتێکی سیاسی یە؟

لە ماوەی ٩ مانگی کارکردنی دا، بە گرتنی زیاتر لە ١٠٠ کۆڕی جددی بۆ سیاسەتمەداران و ڕۆشەنبیرانی ناسراوی کوردی و عەرەبی، لە سکرتێری حزبەکانەوە تا وەکو خەڵکانی بێلایەن.ئەمڕۆکە ئەم ژورە بۆ خەڵکانی ئازادی خواز، قوربانیانی جینوساید، ژنانی یەکسانی خواز، تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزکاری، دوژمنانی جەوساندنەوە و نابەرابەری، بوە بە مەنبەری قسەکردن و شەوانە دەنگی خۆیانی تێدا بەرز دەکەنەوە.

لە گێڕانی کۆڕەکاندا پێوەری سیاسی فکری شەوە چەپ، ئیسلامی، ناسیونالست، دیموکراسی خواز کۆڕی خۆیان تیایدا گێڕاوە و ئازادانە گفتوکۆ لە سەر کراوە.

بەڵام بەداخەوە ئەو ئازادیە لای هەندێک لایەنی سیاسی هەزم نەکراوە و کێشەی ئەم ژورە جۆتە ناو قسەو باسی هەندێک لایەنی سیاسیەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین ڕابگەیەنین:

١_ ئەم ژورە پاشکۆی هیچ پارتێک یان ڕێکخراوێکی سیاسی، ڕۆشەنبیری، جەماوەری، کۆمەڵایەتی نییە.بەڕێوەبەرانی ژورەکە بە تەواوەتی سەربەخۆن لە بەڕێوەبردنی، تەنیا یەک پێوەر تێدا زاڵە ئەویش ئازادی بێ قەید و مەرجی قسەو باسی (سیاسی، ڕۆشەنبیری، کۆمەڵایەتی).

٢_ بەڕێوەبەرانی ئەم ژورە بەشی زۆری خەڵکانی پێشکەوتنخواز، چەپ، لیبرالن و هیچ یەکێکیان وەک نوێنەری حیزب بەشداری ناکات لە بەڕێوەبردندا.

ئەم ژورە بەرگەی زۆر کاری تێکدەرانەی گرت، ئێستاش لە سەر پەیامەکەی خۆی بەردەوام دەبێت لە بڵاوکردنەوەی دیالۆگی سیاسی ئازاد، جۆشدانی خەبات دژ بە تاوانباران، بڵاوکرونەوەی ڕۆشەنبیری پێشکەوتنخوازانە و مرۆڤدۆستانە و بەشداری کردن بە توانای خۆی لە هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بونیاتنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سیستەمی عیلمانی لە کوردستاندا.

بەڕێوەبەرایەتی
ژوری پێشکەوتن خوازان
٢٨٠٨٢٠٠٢

www.kurdistannet.org